پەیمانگەی مێدیتریانە بۆ توێژینەوەی هەرێمایەتی- MIRS
Mediterranean Institute for Regional Studies
www.mirs.co

کانونی دووەمی 2018

پەیپەری ژمارە: ١

بەریەککەوتنی سیستەمی تازەی هەرێمایەتی و جیهانی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست

خوێندنەوەیەکی ئابوریی – ئەمنییە بۆ ئایندەی ململانێ هەرێمایەتییەکان

بەهرۆز جەعفەر

ئینسیستوتی مێدیتریانە بۆ توێژینەوەی هەرێمایەتی
عێراق- ئۆفیسی سلێمانی- گەڕەکی ڕزگاری- بەرانبەر یانەی وەرزشی ئاشتی
ئیمەیڵ: Info@mirs.co یان Bahroz@mirs.co
تەلەفۆن: 07701951736 یان ٠٠٩٠٥٣٣٨٦٠١٥١٤

بەریەککەوتنی سیستەمی تازەی هەرێمایەتی و جیهانی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست

خوێندنەوەیەکی ئابوریی – ئەمنییە بۆ ئایندەی ململانێ هەرێمایەتییەکان

بەهرۆز جەعفەر

پێشەکی

ڕووداوەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بەرەو سیستەمێکی تازەی هەرێمی و جیهانی هەنگاو ئەنێن، تەنها سێ مانگی کۆتایی ساڵی (2017) و سەرەتای ساڵی (2018) بریتی بوون لە: قەیرانی کەنداو، پرسی ڕیفۆرم لەناوخۆی سعودییە بە پاڵپشتی ئیدارەی ترامپ، هەرەسهێنانی ڕاگەیاندنی دەوڵەتی کوردی لە باکوری عێراق، دەستلەکارکێشانەوەی سەرۆکوەزیرانی لوبنان "سەعد حەریری"، کوشتنی سەرۆکی پێشوتری یەمەن " عەلی عەبدوڵا ساڵەح"، پەیوەندیی گەرموگوڕی ڕوسیا- تورکیا، ئێران- تورکیا، ڕاگەیاندنی کۆتایی هاتنی شەڕی داعش لە عێراق، هاوپەیمانی نوێی ئیسرائیل- سعودییە- ئیمارات، بڕیاری گواستنەوەی نوێنەرایەتی ئەمریکا لە (تەلئەبیب) ەوە بۆ (قودس/ئۆرشەلیم). ئینجا ڕاگەیاندنی ستراتیژی نوێی ئاسایشی نیشتیمانی ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا، لەکۆتاییشدا نارەزایی و هەڵکشانی خۆپیشاندانەکان لەناوخۆی ئێران و هەڕەشەکانی ئیدارەی ئەمریکا بۆ هەڵوەشاندنەوەی ڕێککەوتننامەی ئەتۆمی نێوان ئێران کۆمەڵەی (5+1).

لە دوای ڕێککەوتننامەی سایکس پیکۆ (1916) و بەڵێنی بەلفۆڕ (1917) کە دوای جەنگی جیهانی یەکەم دروستبونی چەند دەوڵەتێکی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لێکەوتەوە، هاوکات پێکهاتەی دروستبونی دەوڵەتی لە دوای هەڵوەشانەوەی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی لەسەر بونیادنرا، ئەم پێکهاتن و فۆرمەڵە بونەی دەوڵەت لە خۆرهەڵات لەلایەك لاسەنگی ئیتنی و دابەشکردنی خاکی لەسەر ماف و خواستی ئەوانی تر بەرجەستەکرد، لەلایەکیش بەرژەوەندی و دەستوەردانی دەرەکی و بەڕێوەبردنی ڕۆژهەڵاتی لەلایەن کۆلۆنیالیزم و ڕۆژئاواوە کردە سەرەتایەکی ترسناك.

سەت ساڵ تێ ئەپەڕێت بەسەر مێژووی هاوچەرخی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، هێشتا ئاسایش و سەقامگیریی تیادا نییە. هەموو ئەو ڕووداو و گۆڕانکارییانەی لەناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و باکوری ئەفریکا لە کۆتایی (2017) و سەرەتای (2018) ەدا ڕووئەدەن، دیاردەی ئاسایی نین لە ئاسایشی هەرێمایەتی دا، بریتین لە سەرەتایەك بۆ وێناکردنەوەی ناوچەکە و، سیستەمێکی تازەی جیهانی و هەرێمی، بەڵام ئایا سیستەمی هەرێمی و جیهانی نوێ لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا چۆن ئەبێت؟. ئەم پەیپەرە لە ئینستیتیوتی مێدیتریانە بۆ توێژینەوەی هەرێمایەتی بڵاوئەبێتەوە، وێنەی هەوڵێکی ئاکادیمی ستانداردە بۆ ئەوەی هەموو یەکەکانی ئەم ناوچەیە خۆیانی تیا ببیننەوە.

وێستگەی یەکەم: هاوپەیمانێتی نێوان سعودیە و ئیسرائیل

لە (ئایاری 2017) دا دۆناڵد ترامب سەرۆکی ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا یەکەمین سەردانی لە ماوەی سەرۆکایەتیەکەی بۆ سعودیە بە سەرکەوتوویی ئەنجامدا، زۆربەی چاودێرانی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان ئاماژەکانی ئەم سەردانەیان بۆ ئەوە گەڕاندەوە کە پەیوەندییەکانی ئیسرائیل و سعودییە وەك دوو یەکەی هەرێمی پتەو بکات، ترامپ لە دوای تەواوبونی سەردانەکەی بۆ سعودییە گەیشتە ئیسرائیل، تا زۆر پرسی گرنگ هەیە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ئەم دووانە پێکەوە داخی بکەن، لەوانە: بەر گرتن بە لێشاو و هەژموونی شیعەگەرایی و هەژموونی ئێران، دەستوەردانی ئێران لە: عێراق، سوریا، لوبنان، فەلەستین، یەمەن، هەڕەشە دروستکردن بۆ سەر ئاسایشی کەنداوی عەرەبی. ڕای چاودێران لە کۆتاییدا سەرکەوتوو بوو لەوەی هاوپەیمانێتیەك لە نێوان ئیسرائیل و سعودییە لە نهێنیەوە ببێتە فاکت و تێزێکی ئاشکرا:

- ✓ کۆی ڕووداوەکانی کۆتایی لە (2017) دا، دەریانخست کە تەنانەت لە نێوان ڕیاز و تەلئەبیب دا هاریکاری سەربازیش بوونی هەیە. مایک پۆمپیو (Mike Pompeo) بەڕێوەبەری CIA لە سەرەتای دیسەمبەری (2017)ەدا ئەوەی ڕوون کردەوە کە: سعودیە بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ کاردەکات لەگەڵ ئیسرائیل و دەوڵەتانی دیکەی سوننە مەزهەب لە جەنگی دژی داعشدا. جارێکی ڕۆژنامەی جۆرشەلیم پۆست لەزاری "پۆمبێۆ" وە لە (7ی دیسەمبەری 2017) لە ڕاپۆرتێکدا ئەنوسێت: سعودییەو ئیسرائیل پێکەوە کارئەکەن. لە هەروەها پێشتریش وەزیری ووزەی ئیسرائیلی یوڤاڵ ستێنتز (Yuval Steinitz) لە چاوپێکەوتنێکی ڕادیۆییدا ئەوەی ڕاگەیاند کە چەندین کۆنتاکت لەگەڵ سعودیەدا بوونی هەیە، بەڵام لەسەر داوای ڕیاز شاردراونەتەوە[1].
- ✓ لە ئۆکتۆبەری (2017) ەدا هەردوو سەرۆکی دەزگای هەواڵگری پێشووی ئیسرائیل و سعودیە چاویان بە یەک کەوتووە بە مەبەستی ئاڵوگۆڕی بیر و بۆچونەکانیان سەبارەت بە سیاسەتی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە ناوچەکەدا. هەروەها سەرۆکی پێشووی دەزگای هەواڵگری شازادە تورکی ئەلفەیسەڵ لەگەڵ سەرۆکی پێشوی مۆساددا ئیفرایم هالڤی (Efraim Halevy)

---

[1] Tru news (2017) Pompeo: Saudis, Israelis Working Together. see here: https://www.trunews.com/article/pompeo-saudis-israelis-working-together

وتەیەکیان پێشکەش کردووە و تەنانەت ئامادەش بووە لەگەڵ هاوتا ئیسرائیلیەکەیدا بەشداربێت لە سیمپۆزیۆمێك دا لە سەنتەری کۆمیونیتی جولەکەکان لە نیو یۆرک[2].

- ✓ هەردوولا درکیان بە فراوانخوازی و مەترسیەکانی ئێران وەک دەوڵەتێکی شیعە مەزهەب کردووە بۆ سەر هەژموونی سیاسیی بەرژەوەندییە ئابوریەکانیان، تەنانەت لە چاوپێکەوتنێکی سەرۆک ئەرکانی ئیسرائیلی گادی ئیزنکوت (Gadi Eizenkot) لەگەڵ رۆژنامەی ئیلافی سعودیدا ئاماژە بەوە دەکات کە ئیسرائیل ئامادەیە زانیاریە هەواڵگریەکان سەبارەت بە ئێران لەگەڵ سعودیەدا هاوبەشی پێ بکات، ئیزنکۆت ئەڵێ "ئێمە ئامادەی ئاڵوویری ئەزمونەکان و زانیاریە هەوڵگریەکانین لەگەڵ سعودیە و دەوڵەتە میانڕەوە عەرەبیەکانی دیکە بە مەبەستی رووبەڕووبونەوەی ئێران"[3] .

خۆ ئامادەکردنی ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکاو، سازدان و کۆنێکت کردنی هاوپەیمانێتیەکانی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بابەتێکی ووردەو مەترسییەکەش بە واقیعی ئەبینن، چونکە پلانی ئێرانیەکان بریتیە لە کۆنترۆڵکردنی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە رێگەی دوو هیلالی شیعیەوە:

یەکەمیان، لە ئێرانەوە بە ناو عێراقدا تێدەپەڕێت بۆ سوریا و لوبنان.

دووەمیش، بە نیوە دورگەی عەرەبیدا تێدەپەڕێت لە بەحرەینەوە بۆ یەمەن و دەریای سور ئەوش لە رێگەی حیزب و میلیشیاکانەوە کە بەشێوەیەکی راستەوخۆ و ناراستەوخۆ لە لایەن ئێرانەوە پاڵپشتیدەکرێن وەک میلیشیا شیعەکانی عێراق، حزب الله ی لوبنان، و حوسیەکانی یەمەن و گروپە شیعیەکانی دیکەی دەوڵەتانی نیوە دورگەی عەرەبی.

---

[2] Middleeastmomitor: Swiss Newspaper reveals: Secret military cooperation between Saudi Arabia and Israel, 8. January. 2018.

[3] haaretz (2017), Amos H: Israeli Military Chief Gives Unprecedented Interview to Saudi Media: 'Ready to Share Intel on Iran, 1. December. :https://www.haaretz.com/israel-news/1.823163

وێستگەی دووەم: پێگەی نوێی ئیسرائیل لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ڕۆژهەڵاتی دەریای ناوەڕاست دا

1-2. ئیسرائیل و یەکێتی ئەوروپا لە دەریای ناوەڕاست

دەریای ناوەڕاست تاکە ڕێڕەوی ئاوییە لەجیهاندا کە (21)ووڵاتی جیاواز لەسەری هەڵ ئەکەون، بە (10) زمانی جیاواز و دەیان کەلتور و ئاین و ئاینزای جیاجیا خۆیان نمایش ئەکەن، زیاد لە ڕەهەندێکی جیهانی و هەرێمی و ژیاری لەم ناوچەیە هەیە، کە ڕاستەوخۆ سەری لەناوخوانی جیۆپۆڵەتیك و ئاسایشی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دایە. لە ڕووی مێژووییەوە لانکەی شارستانییەت و سەرهەڵدانی مرۆڤایەتییەو، ڕۆیشتنیەتی بۆ ناوچەکانی تری دونیا. لە ڕووی جوگرافییەوە خاڵی بەریەککەوتن و سنوری سێ کیشوەری (ئاسیا- ئەوروپا- ئەفریکا) یە. لەڕووی ململانێی جەمسەرە جیهانییەکانەوە، ئەم ناوچەیە خاڵی پەڕینەوەی هەژموون و نفووسی ئەمریکایە بۆ ئەفریکا و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و کۆنترۆڵکردنی پرسە ستراتیژییەکان، بەهەمان شێوە بۆ یەکێتی سۆڤیەت و ڕووسیای ئێستا ئاماژەیەکی ئابوریی و سەربازیی زۆری هەیە لە یەکلاکردنەوەی پرسی سوریا، بەرهەمهێنانی ووزە و، دروستکردنی پەیوەندی و ڕایەڵەی جیهانی.

ئەم گرنگییانەش وای کردووە، کە بە بەردەوام لایەنە جیاوازەکان هەوڵ بدەن لوتکەو ڕێککەوتن و کۆربەند لەم ناوچەیە بەڕێوە ببەن، ئەو ووڵاتانەی لە ئەورووپاوە (باشوری ئەوروپا) ئەکەونە سەر دەریای ناوەڕاست بریتین لە: پرتوگال- ئیسپانیا- فەڕەنسا- ئیتالیا- مالتا- یۆنان- قوبرص. بۆیە لەساڵی (1995) دا " بەڵێننامەی بەرشەلۆنە -Barcelona Declaration“ لە نێوان ئەوروپا و ووڵاتانی دیکەی کە ئەکەونە سەر دەریای ناوەڕاست و سنوریان لەگەڵ ئەوروپا هەیە ئیمزاکرا.

ئیمڕۆکە لە سەدەی بیست و یەك و، لەدوای دەرکەوتنی دەیان چەمك و دیاردەی گرنگ لە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان، چەندین دیاردەی خێراو چارەنووسساز لەم ناوچەیە دەرکەوتوون وەك: تیرۆریزم (پەڕینەوەی توندوتیژی لەووڵاتانی کەمتر پێگەیشتووەوە بۆ ووڵاتە پێشکەوتوەکان)، بازاڕ، کۆچبەران، پیسبون، دۆزینەوەی غازی سروشتی، ئاسایشی هاوبەش. بەهای هاوبەش....هەروەها لەدوای ڕووداوەکانی بەهاری عەرەبی لە (2011) و جەنگ و قەیرانی سوریا- لیبیا- یەمەن، پاشان لێکەوتەکانی قەیرانی شەڕی داعش بەگشتی، ڕۆژهەڵاتی دەریای ناوەڕاست پێویستی بە بیرکردنەوەیەکی ترە، بۆیە ووڵاتانی ئەوروپا بەتایبەتی (یۆنان- قوبرص- ئیتاڵیا- فەڕەنسا) کە ڕاستەوخۆ بەشێکن لە ئاسایش و

جوگرافیای ئەم ناوچەیە، خوازیارن یەکێتی یەکی نوێ بۆ دەریای ناوەڕاست (Union for the Mediterranean) پێك بهێنرێت[4].

بەگشتی، لە ساڵی (2018) ەدا، ئەوەی وا لە یەکێتی ئەوروپا ئەکات کە ئیسرائیل وەك بەشێك لە پاراستنی ستراتیژ و ئاسایشی خۆیان بزانن سێ هۆکاری سەرەکییە:

یەکەم: دۆزینەوەی غازی سروشتی لە سنورە ئاوییەکانی ئیسرائیل دا،کە بەشێکی گرنگ لە پێداویستیەکانی ئەوروپا پڕ ئەکاتەوە، بە ماوەو ڕووبەرێکی کەم هێڵی غازی لە قوبرص و ئیسرائیلەوە ئەگاتە ناوجەرگەی ئەوروپا. ئەمەش وا ئەکا ئەوروپا بازاڕێکی تازە بۆ ووزە بدۆزێتەوە، پێویستی بە بازاڕی ووزەی ڕووسیا کەمتر بێتەوە.

دووەم: کێشەی کۆچبەران و پەرینەوەی دیاردەی جۆراوجۆری ترسناك بۆ ئەوروپا وەك: توندوتیژی، گرووپەکانی کۆکاین و هیرۆین و قاچاچێتی بە مرۆڤ و ماددە و کەرەستە قەدەغەکراوەکان.

سێهەم: ستراتیجی ئاسایشی نوێی ویلایەتە یەکگرتوەکان بۆ ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست لە سەردەمی ئیدارەی دۆناڵد ترامپ دا، جەخت لە ئیسرائیل و پێگەکەی وەك یەکەکەیەکی هەرێمی ئەکاتەوە. هەڵکەوتەی ئیسرائیل یش لە ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست و دەریای ناوەڕاست دا ئەم گریمانەیە ئەوەندەی تر بەهێز ئەکات. بەمانایەکی تر جارێکی تر نەخشەکێشانەوەی سنورە ئاوییەکان بە قازانجی ئیسرائیل.

1-1-2. هێڵی غاز و لوتکەی ئەوروپی - ئیسرائیلی

دوای (50) پەنجا ساڵ گەڕان و پشکنین، ساڵی (2009) ئیسرائیل توانی لەدووری (80) کیلۆمەتر لە حەیفاوە کێڵگەیەکی گەورەی غازی بەناوی (تیمار- Tamar gas field) بە (1700) مەتر قووڵ لەڕووی دەریاوە ڕابگەیەنێت، کە یەدەکی غاز (الاحتیاط الغاز الطبیعي - Natural Gas Reserves) تیایدا (307) ملیار مەتر سێجایە، بەپێی تەورات " هیچ شتێك لەژێر ڕووناکی خۆردا ڕوونادات....". ئیسرائیل لەژێر ئاودا ڕاچڵەکانێکی ئابوریی دەستپێکرد، لەسەر زەوییەکی بێ فەڕو تەپوتۆزاوی دەوڵەتێکی "ئیتنۆ- دیموکراتی " دروستکرد و خۆی کرد بەگەورەترین وڵاتی کشتوکاڵی لە ڕۆژهەلاتدا، بۆیە بەدوایدا لەساڵی (2010) گەورەترین کێڵگەی بەناوی (لیڤاثان - Leviathan gas

---

[4] Micallef. V.Joseph (updated 2017) Reflections on the Mediterranean refugee crisis. Center of Mediterranean Refugee Crisis.

field) له قووڵی (2000) مەتر لەژێر دەریادا دۆزییەوە، کە: یەدەگی غاز تیایدا (622) ملیار مەتر سێجایە[11]. بێگومان ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا پێشوازی لەم گۆڕانە گەورەیە ئەکات، کۆمپانیای نۆبلَ ئینرجی ئەمریکی لە کێڵگەی تیماردا پشکی (36%) و لە کێڵگەی لیڤاسان دا (39,7%) ی هەیە. لەبەرئەوەی ئیسرائیل ژمارەی دانیشتوان و ڕووبەرەکەی کەمە، هەر لەساڵی (2013) ەدا بڕیاری دا لەبڕی غازی وەبەرهێنراو (40%) هەناردەی دەرەوە بکات (لەڕێگەی بەندەری حەیفاوە کە لەژێر کۆنترۆڵی ئیسرائیل خۆیەتی)[5].

ئەم وێنەیە گوزارشتە لە پێشبڕکێی بەرهەمهێنانی غاز لەدەریای ناوەڕاست (کێڵگەی لیڤاسان):

بەپێی پێگەی بەناوبانگی ئیسرائیلی "هارتس" (www.haaretz.com) کە بەبۆنەی (68) هەمین ساڵیادی لەدایکبونی دەوڵەتی ئیسرائیل " هاوکات ساڵیادی نەگبەتی فەلەستین" ەوە بڵاوی کردۆتەوە، ژمارەی دانیشتوانی ئەو وڵاتە لە (2016) دا گەیشتووە بە (8,5) هەشت ملیۆن و نیو کەس، تیایدا فەرمانگەی ئاماری ناوەندی ڕایگەیاندووە، بۆ ساڵی (2035) ژمارەی دانیشتوانی ئیسرائیل نزیك ئەبێتەوە

5. مركز رؤية للتنمية السياسية (٢٠١٦) : حقائق الغاز "الإسرائيلي واعتباراته الاقتصادية والسياسية، اعداد (عماد أبو عواد) 13/يوليو/2016 الساعة 11:50:23 صباحاً. انظر هنا:www.vision-pd.org/237

لە (11,3) یانزە ملیۆن و سێ سەت هەزار کەس[6]. کەواتە ئیسرائیل بۆ دەیان ساڵی تر پێداویستیە نیوخۆییەکانی خۆی لە پیشەسازی جۆراوجۆر، لە وێستگەو بەرهەمهێنانی کارەبا مسۆگەرکردووە، هەتا (2025) نزیکەی (50%) بەرهەمهێنانی کارەبا پشت بەو غازە ئەبەستێت کە بەرهەمی دێنێت، ئەو دواشی لە ڕێگەی بەرهەمهێنانی کارەبا بەڕێگەی ئاو "کەهرۆئاوییەوە- Hydroelectricity" ەوە. کەپێشتر بۆ دابین کردنی ئاو پشتی بە تورکیا ئەبەست و ئەو (غازە) شی لە میسر یان وڵاتانی ترەوە بەدەست ئەگەیشت. ئێستا ئیسرائیل بە کۆی گشتی خاوەنی (1.069) یەك تریلیۆن و شەست و نۆ ملیار مەتر/ سێجا یەدەگی غازی سروشتیە (بڕوانە ئەم خشتەیەی لای خوارەوە)

کۆی یەدەگی غازی سروشتی ئیسرائیل لە 2016 دا.

ناوی کێڵگە	ساڵی دۆزینەوە	بڕی غاز بە (ملیار مەتر سێجا)	شوێنی دۆزینەوەی کێڵگە
نوعا و میری	1999/2000	45	دەریای ناوەڕاست بەرانبەر عەسقەلان
تیمار1 + تیمار دروم	2009	307	دەریای ناوەڕاست 90 کم خۆرئاوای حەیفا
دلیت	2009	15	دەریای ناوەڕاست بەرانبەر کەنارەکانی خوزەیرە
لیڤاثان	2010	622	دەریای ناوەڕاست 130 کم خۆرئاوای حەیفا
کریش و تنین	2012	80	دەریای ناوەڕاست 160کم باکوری خۆرئاوای حەیفا.

سەرچاوە: مركز الرؤيه للتنمية السياسية، (13ی تموز 2016). & وزارة البنى التحتية القومية، (2016).

2-2. ویلایەتە یەکگرتووەکان و ڕۆڵی نوێی ئیسرائیل لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست

ئیسرائیل لەماوەی ڕاگەیاندنی دەوڵەتەکەیانەوە تا کۆتایی جەنگی سارد (1948 بۆ 1991) بەگشتی کاریان لەسەر تیۆری (هاوپەیمانی دەوروبەر) کرد، تا ببێتە بنەمای کارکردن و بەدیهێنانی ئامانجەکانی ئیسرائیل بۆ ئەوەی نەخرێتە گۆشەیەکەوە دەوربدرێت، لەماوەی جەنگی ساردداو بو (شا) لە ئێران ڕووخا،

هەموو ڕووداوەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و پێشهاتەکان بەسەریەکداکەوتن و ڕاستەوانە بو بە پێچەوانە، لەلایەکەوە (شا) لە ئێران ڕوخاوەو، کۆماری ئیسلامی بە بەرگێکی جیاوازەوە دەرئەکەوێت ، ئێران لە لیستی دوژمنەکانی دا ئیسرائیل بووە بە ناوی یەکەم، کەچی پێش ڕووخانی شا (١٩٧٩) زۆرترین هاوکاری لە نێوانیاندا بووە..

قۆناغی دوای جەنگی سارد ئیسرائیل بۆ یەك چرکەش گرنگی تورکیای فەرامۆش نە کردووەو توندوتۆڵترین پەیوەندیی دوو قۆڵی لە نێوانیاندا هەبووە بە پاڵپشتی ئەمریکا، بەتایبەت لە داڕشتنەوەی ئەو پایە گرنگانەی کە سیاسەتی دەرەوە پێك ئەهێنن و، ئەکرێت مامەڵەی پێ بکەن لەگەڵ گۆڕانکارییەکانی قۆناغەکەدا.ئیسرائیل زیرەکانە لەگەڵ ڕووداوەکاندا و هەنگاوبەهەنگاو هاوپەیمانی نوێی دۆزیوەتەوەو، نەیهێشتووە لەکاروانی دیبلۆماتی و هەرێمایەتی دابېڕێت و لەوناو ئاگردانەدا ئابڵوقەی بدەن، بەنمونە:
بەهەوڵ و سەرپەرشتی جیمی کارتەری سەرۆکی پێشووی ئەمریکا و بە ئامادەگی سەرۆکی میسر (ئەنوەر سادات) و سەرۆکوەزیرانی ئیسرائیل (موناحیم بیغن)، میسر و ئیسرائیل لەساڵی (١٩٧٨) ڕێککەوتننامەی (کامب داڤید- Camp David) یان لە ویلایەتی میریلاندی نەتەوەیەکگرتوەکانی ئەمریکا ئیمزاکرد..هەمان ساڵیش سەرۆکی هەردوو وڵات خەڵاتی نۆبڵ یان بۆ ئاشتی وەرگرت.

ئەگەرچی میسر کەوتە بەر ڕەخنەو تانەیەکی زۆر لەلایەن جامیعەی عەرەبیەوە، دواتریش هەر ئەم نزیکبونەوەیە، ساڵی (١٩٧٩) ڕێککەوتننامەی ئاشتی نێوان میسرو ئیسرائیلی هێنایە ئاراوە ، ڕێککەوتننامەی ئاشتی وەك قەرەبویەك هات کە شێوەیەکی ڕونترو گرەنتی دار بداتە پەیوەندییەکانیان، چونکە لەدوای ئەوەی ئێران وەرچەرخانێکی بەخۆیەوە دیوەو، بە ئایدۆلۆژیایەکی ئیسلامیەوە ئەڕوانێتە ئیسرائیل و، وەك دەوڵەتی گەلی جولەکە ئەیناسێنێت ، بۆ ئەم مەبەستە بەلای ئیسرائیلەوە میسر هەر بەتەنها گەورەترین دەوڵەتی عەرەبی نییە کە گرنگ و مەترسیداربێت، دراوسێی ئیسرائیلیشە، بەڵکو نفوسێکی بەرفراوانی لەجیهانی ئیسلامی دا هەیە بەهۆی دامودەزگا ڕەسەن و بەناوبانگەکانیەوە لەسەرووی هەموویانەوە "ئەزهەر."[7]

---

[6] Haaretz (2016). On 68th Independence Day, Israel's Population Hits 8.5 Million, May 12, 2016 1:51 AM, see here: http://www.haaretz.com/israel-news/.premium-1.718791

[7] Inbar. E (2010): ***Israeli –Turkish Tensions and beyond***, Israel Journal of Foreign Affairs IV: 1.

له ساڵی (2018) و جارێکی تر، ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا، لە چوارچێوەی ستراتیژی نیشتیمانی خۆیدا، لەسەردەمی ئیدارەی ترامپ دا، بایەخێکی گەورەتر بە ئیسرائیل ئەداتەوە، خاڵی سەرەکی لێرەدا ئەوەیە کە ئیسرائیل بەشێکی نەگۆڕە لە ستراتیژی ئەمریکا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، هیچ کاتێك ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا ڕێگەی نەداوە ئیسرائیل ئابلۆقە بدرێت و بە تەنها بمێنێتەوە، هەوڵی داوە هاوپەیمانێکی بۆ بدۆزێتەوە، لە قۆناغی ساڵی حەفتاو هەشتاکاندا لەگەڵ میسر پێکی هێنان و جەنگی هێور کردەوە، لە نەوەتەکانی سەدەی بیست دا پتەوترین پەیوەندیی ئیسرائیل لەگەڵ تورکیادا بووە، لە (2018) ش بەدواوە پەیوەندی ستراتیژی ئیسرائیل لەگەڵ سعودیە ئەبێت بۆ داخ کردنی پرسە هەنووکەییەکانی ناوچەکە بە پاڵپشتی ئەمریکا. گومانی تیادانییە ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا هیچ ئۆفەرێك بە خۆڕایی نادات بە بەرانبەرەکانی، پرسی چاکسازیی ناوخۆیی لە سعودیە بە ڕێبەرایەتی شازادە "محەمەد بن سەلمان" کە تیایدا دەستی بردووە بۆ لێپرسینەوەو زیندانی کردنی کۆمەڵێ فیگەری بەهێزی وولاتەکەی، بە پاڵپشتی ڕاستەوخۆی دۆناڵد ترامپ بووە، جگە لەوەی لە ساڵی (٢٠١٥ ەوە تا ٢٠١٨) سعودیە و ئەمریکا پێکەوە دەستوەردانی سەربازییان لە چوارچێوەی "عاسیفەتولحەزم" دا بۆ سەر یەمەن هەیە لە ڕێگەی بۆردومانی ئاسمانییەوە.

وێستگەی سێهەم: ناڕەزاییەکانی ئێران: لێکەوت و ڕەهەندەکانی

1-3. فاکتەرە ناوخۆییەکان

خۆپیشاندانەکانی ئێران سەرەتا لە مەشهەدی دووەمین گەورەترین شاری ئێرانەوە سەریهەڵدا لە ڕۆژی 28 ی دیسەمبەری 2017 لە پێناو باشترکردنی ستانداردەکانی ژیان و بەرزبوونەوەی نرخەکانی خواردن و پێداویستیە ڕۆژانەکان، لە ڕۆژی دواتردا خۆپیشاندانەکان لە چەند شارێکی دیکەی گەورەی ئێراندا سەریهەڵدا.

وەک دەردەکەوێت لە سەرەتادا خۆپیشاندانەکان لە دژی خراپتربوونی دۆخی ئابوری بووە و مۆرکێکی ئابوری لەپشتەوە بوو بەڵام لە دواتردا دروشمی سیاسی لە نێو خۆپیشاندەران لە دژی سەرۆکی ئێرانی حەسەن ڕۆحانی و خامەنەیی و دەسەڵاتدارانی ئایینی بەرزدەکرێتەوە، بەوەش خۆپیشاندانەکان مۆرکێکی سیاسی وەرگرتووە. لە خۆپیشاندانەکانی ڕۆژی هەینیدا دروشمی وەک "خەڵکی دەرۆزە دەکات و پیاوانی ئایینی وەک خودا ڕەفتار دەکەن" یان بەرزکردووەتەوە.

ئەم خۆپیشاندانەی ئێستا جیاوازە لەوەی کە لە ساڵی 2009 دا لە پاش دەرئەنجامی هەڵبژاردنەکانی ئەو وڵاتەوە سەریهەڵداوە بەجۆرێک ئەو خۆپیشاندانە تەنها لە سنوری تارانی پایتەختدا بوو و بە سەرکردایەتی رەوتی ڕیفۆرمخوازەکان بەڕێوەچوو. بەڵام خۆپیشاندانەکانی ئێستا هەتاوەکو ئێستا هیچ جۆرە سەرکردایەتیەکی ئایدۆلۆژی یان سیاسی نیە، بەڵکو وا دەردەکەوێت جوڵانەوەیەک بێت لە خەڵکەوە بەبێ هیچ سەرکردایەتیکردنێک.

بەپێی بەدواداچوونەکانی (ناوەندی جەزیرە بۆ توێژینەوە، 2018) خراپبونی باری گوزەرانی هاونیشتمانیان لە ئێران و بێزاریان لە سیستەم هۆکاری سەرەکی جووڵانی شەقامە، چونکە ئەوە بە ئاشکرا لە ئێران ئەبینرێت بارودۆخی ئابوری ئێران زۆر دژوارە، لە کۆتایی (2017) مدا (6) شەش ملیۆن کەس بێکارن لەو ووڵاتە کە ئەکاتە (13%) چاوەڕێ ئەکرێت لە چارەکی یەکەمی (2018) شدا نزیکەی (800.000) هەشت سەت هەزار کەسی دیکە پێویستیان بە کار هەبێت لە بازاڕ و کەرتە گشتیەکان دا کە زۆربەیان دەرچووانی زانکۆکانن. ئەمە لەکاتێکدا ساڵی (2013) کە سەرۆك کۆماری ئیسلامی ئێران "حەسەنی ڕۆحانی" بۆ یەکەمجار خۆی کاندید بەڵێنی دا کە ڕێژەی هەڵاوسانی ئابوریی دابگرێت، بە پێچەوانەوە تەنها لە دوو مانگی کۆتایی (2017) مدا لە تشرینی دووەم دا (8,4%) بووە لە کانونی یەکەم (مانگی دواتر) بووە بە (10%)، ئەمە دۆخێکە کە تیایدا تێکڕای هەڵاوسانی ئابوریی گەیشتووە بە (45%) بە هۆی سزا ئابورییەکانی سەر ئێران و ئابلۆقەدانی لە لایەن کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی لە لایەك و، نەمانی متمانەی هاونیشتمانییان بە سەرۆك و حکومەت لە ئێران دا[8].

2-3. فاکتەرە دەرەکییەکان

ئێرانیەکان تورەیی خۆیان ناشارنەوە سەبارەت بە دەستێوەردانەکانی حکومەتی ئێرانی لە کاروباری ناوخۆی وڵاتانی دیکەدا. لە نێو خۆپیشاندەرانی مەشهەدا هەندێک دروشمی "نە غەزە و نە لوبنان، گیانم فیدای ئێران" یان بەرزکردوەتەوە، ئەوەش ئاماژەیەکە بۆ ئەوەی دەسەڵاتدارانی ئێرانی فۆکەسیان خستووەتە سەر کاروباری ناوخۆی وڵاتانی دیکە نەک گرفتە ناوخۆییەکان. هەروەک لە راپۆرتێکی پێشتووری ئینستیتیوتی مێدتریانەدا سەبارەت بە حوسیەکان ئاماژەی پێکرا ئێران پاڵپشتیکەرێکی سەرەکی ڕژێمەکەی بەشار ئەسەدە و تۆمەتبارە بە هاریکاریکردنی حوسیەکانی یەمەن و لە هەمان کاتدا پاڵپشتی حزب الله ی لوبنانیش دەکات.

---

[8] مركز جزيرة للدراسات (٢٠١٨) إيران: حراك معارض محدود وأزمة نظام مزمنة، البحث و التقارير .

"ئێران: دەنگی خۆپیشاندەران کپ کرا، بەڵام پەیامەکەیان گەیشتە جیهان – لە ئەنادۆڵ وەرگیراوە "

ئێران، وڵاتێکە تواناکانی زیاترە لە وڵاتانی دراوسێی خۆی تەنانەت لە سعودیەو تورکیاش، جگە لەوەی ئێران دەوڵەتێکی هەناردەکاری نەوتە، دووەمی یەدەگی جیهانیش بۆ غازی سروشتی پێك ئەهێنێت کە ئەکاتە (18%) ی غازی جیهان، توانایەکی کشتوکاڵی بەهێزی هەیە، دیموگرافیایەکی تازە هەڵکەوتوو سەرانجڕاکێش و، ئاستێکی باش لە فێرکاری پزیشکی و زانستی هەیە، بەڵام ئێرانییەکان نارەزایەتییەکی پەنگخواردوویان هەیە لەسەر پرسی گەندەڵی لە ناوەندی چینی "ئیسلامی" فەرمانڕەوا و خێزانی "ڕابەر- مورشید"، تەنانەت ئەم بەهەدەردان و زێدەڕۆییەی ئێستا ئێرانی تێکەوتووە لەسەردەمی "شا" دا نەبووە، بەجۆرێك وڵاتێکی هەناردەکاری نەوت لە ساڵی (2017) ەدا بودجەکەی (5) ملیار دۆلار کورتی هێناوە[9].

[9] Kottasova, Ivana (2018) The economic forces driving protests in Iran, CNN money paper

دوای ڕێككەوتنی ئێران و وولاتانی (5+1) لەسەر پرسی پیتاندنی پۆرانیۆم و چەكە ئەتۆمییەكان لەساڵی (2015)، ئێرانییەكان ئومێدیان خواست فۆڕمێكی باشتر لە ژیان بگوزەرێنن، بەو نیازەی فشارەكانی سەر ئێران كەم ئەبنەوەو، ملیارە دۆلارەكانی ئێران لەدەرەوە ئازاد ئەبن، بەڵام دەستوەردانەكانی ئێران لەدەرەوە بە هۆی بارودۆخی هەرێمایەتی لەلایەك و، گۆڕانی سەرۆكی ویلایەتە یەكگرتوەكانی ئەمریكا، دۆناڵد ترامپ لە میانەی بانگەشەی هەڵبژاردنەكانی سەرۆكایەتی دا، ڕێككەوتنی ئەمریكاو ئێرانی لەسەردەمی فەرمانڕەوایی باراك ئۆبامادا بە كارەسات و خراپترین جۆر لە ڕێككەوتن وێناكرد، ئەوە لەكاتێكدا لەسەردانەكەی هاوینی (2017) ی ترامپ بۆ سعودییە هێندە باسی ئێرانی كرد وەك دەوڵەتێكی تیرۆریست، هێندە باسی داعش و گروپە توندڕەوەكانی نە كرد، جارێكی تر لە دوای سەرهەڵدانی خۆپیشاندانە ناوخۆییەكانی ئێران، ویلایەتە یەكگرتوەكان و ئەنجومەنی ئاسایش پاڵپشتی خۆیان بۆ خۆپیشاندەران و خەڵكی ناڕازی لە ئێران دەربڕی.

ئیدارەی ترامپ لەسەر پرسی ئێران ڕژدە و، بە ووردی چاودێری ناوچەكە ئەكات، ڕۆژی (6ی كانونی دووەمی 2018) وەزیری دەرەوەی ئێران "محەمەد جەواد زەریفی" ڕایگەیاند " هەوڵەكانی ئیدارەی ترامپ " دوژمنكارانەو نا یاساییە "، زەریفی كە خۆی لە لیستی ئەوانەدایە كە ئەبێت سزابدرێت لایوایە " ئەمریكا هەموو سنورە نێودەوڵەتییە قبوڵكراوەكان و هێڵی سووری بەزاندووە، بۆیە ئێران كاردانەوەی ئەبێت و بەرپرسیارانە مامەڵە ئەكات، دەرئەنجامی ئەم كارە دوژمنكارانە دژی ئێران ئیدارەی ترامپ لێی بەرپرسیارە.[10]"

بەپێی ڕای "دەنیس ڕۆس- Dennis Ross" توێژەر لە پەیمانگەی واشنتۆن بۆ كاروباری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، سەركردە ئێرانییەكان سەركەوتنی گەورەیان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەدەستهێنا، لە پاراستنی سستەمی سوری و بەشار ئەسەد، لە پاڵپشتی كردنی حزبوڵلا، لە ئاڕاستەكردنی میلیشیا شیعیەكانی عێراق و، بە ئارەزووی خۆیان حكومەتی عێراقیان بەكارهێناوە بەبێ هیچ مەرج و ڕێگرییەك، تەنانەت بەلای "دەنیس ڕۆس" وە ئێران سەركەوتوو بووە لە پاڵپشتی كردنی حووسیەكان و ووزە لێ برین و بێزاركردنی سعودییەوە، بەڵام ئەمە لە سەر ئێران زۆر ئەكەوێت لە ڕووی تێچووی داراییەوە، ئێران ساڵانە (800) ملیۆن دۆلاری بۆ پاڵپشتی حزبولڵا تەرخان كردووە، وە لەدوای بەهاری عەرەبییەوە بە ملیارەها دۆلاری بۆ پاڵپشتی ڕژێمی ئەسەد خەرجكردووە، بۆیە هاونیشتیمانیان ناڕەزایەتی تەواو دەرئەبڕن لەناوخۆدا، خۆپیشاندانەكانی ئێران ئەگەر لەساڵی (2009) تەنها بۆ نان و قووتی خەڵك بووە، لە

(2018)هدا، لەتەواوی ئێران دا خەڵك دەنگ هەڵ ئەبڕن بۆ گۆڕینی سیستەم و چوارچێوەی سیاسیی لەو وولآتە[11].

3-3. چەکی ئەتۆمی و قووڵایی ستراتیژیی ئێران: مانەوە، بەهێزبون، پەرتبون ؟.

دێرۆکی بەرنامە ئەتۆمییەکەی ئێران لە سەرەتای حەفتاکانی سەدەی بیستەوە دەست پێ ئەکات، لەسەردەمی شا دا، کاتێك محەمەد ڕەزا شای پەهلەوی بیر لە بیناکردنی "شارستانیەتی ئێرانی گەورە" ئەکاتەوە، پێی وایە تەکنەلۆجیای ئەتۆمی یەکێکە لە پایە پێکهێنەرەکانی ئەو شارستانیەتە[12]. بەرنامە ئەتۆمییەکەی ئێران چەندین هەوراز و نشێوی جۆراوجۆری بڕی و، ڕووبەڕووی دەیان سزاو فشاری دەرەکی و ناوخۆیی بویەوە، ڕۆژی (24ی نۆڤەمبەری 2013) ئەستێلی مێژوو، ڕێککەوتننامەیەکی گەورەی بەخۆیەوە بینی، کە ڕێککەوتنی ئێران و وولآتانی خۆرئاوا بو لەسەر پرسی چەکی ئەتۆمی، لەساڵی (2015) ئەم ڕێککەوتنە پەسەند کرا لەلایەن ئێران و پێنج ئەندامە هەمیشەییەکەی ئەنجومەنی ئاسایش و ئەڵمانیا، دوای دوو ساڵ ئێران پابەندی خۆی بە ڕێککەوتنەکەوە سەلماند، بەڵام ئیدارەی ترامپ سورە لەسەر هەڵوەشاندنەوەی، گرنگترین خاڵەکانی ڕێککەوتنەکە بریتی بون لە:

- ئێران پەیوەستە،بەوەستاندنی پیتاندنی یۆرانیوم،نابێت ڕێژەی پیتاندنەکە لە (5%) تێپەڕبکا،هەروەها هەڵوەشاندنەوەی سەرجەم هۆکارە هونەرییەکانی کەدەبنەهۆی بەرهەمهێنانی یۆرانێوم،تەنها بایی پیتاندنی ئەو ڕێژەیە نەبێت کەدیاریکراوە.
- ئێران دەبێت ئەو عەمبار و،وێستگانە دیاری بکات کە، یۆرانیۆمی پیتێنراو (یورانیوم مخصب) ڕێژەکەی تیایدا بەنزیکی بگاتە (20.)%
- ئێران پابەندە بەوەی هیچ چالاکیەك لە شوێن یان وێستگەکانی ئاراك* دا ئەنجام نەدات
- نابێت وێستگەی (اراك) کاربکات (عدم تشغيل مفاعيل اراك)
- نابێت سوتەمەنی زیادبکرێت بۆ شوێن و کارگەکانی (ئاراك)
- بەرهەمهێنان لە ئاراکدا ڕائەوەستێت.
- هیچ ڕیوشوێنێکی ئیختیارکردن بەسوتەمەنی لەناوچەو شوێنی ئاراك دا ناکرێت.
- نەگواستنەوەی هەر سوتەمەنیەکی پێویست و ئاوی قورس بۆ شوێنی بەرهەمهێنان و کارگەی پیتاندنەکە.

---

[10] Reuters and Algemeiner Staff (2018) Iran Threatens ‘Serious Reaction’ After US Ultimatum on Nuclear Deal, New Sanctions. You can viewed The algemeiner

[11] Ross, Dennis (2018) Iranians Are Mad as Hell About Their Foreign Policy, Washington Institute for Near East Policy.

12. الجزيرة (٢٠١٧) البرنامج النووي الإيراني. أنضر هنا: www.aljazeera.net/encyclopedia/issues/2015/6/18...

- هەروەها بۆئەوەی پاڵپشتی کارگەکانی (اراك) نەکرێت. ڕێککەوتون لەسەرئەوەی ئێران هیچ دامەزراوەیەکی تری ئەتومی دروست نەکات[13].

ئێران پۆستێکی گەورەیە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و، باشوری ڕۆژئاوای ئاسیا بەگشتی، مێژووی ئێران مێژووی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و، دەستگرتنە بە ئایدۆلۆژیای ئیسلامی شیعییەوە، لەمیانەی ووتەیەکیدا بە بۆنەی ڕۆژی سوپای ئێرانییەوە "حەسەنی ڕۆحانی" لە (18ی نیسانی 2017) ئەڵێت " ووڵاتەکەمان بودجەی سوپاو بەرگری (145%) بەرزکردۆتەوە".

" ئێران جگە لە چەکی ئەتومی، گەورەترین ووڵاتە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە ڕووی جۆر و ژمارەی مووشەکی بالیستییەوە".

هاتنی دەوڵەتی ئیسلامی بۆ عێراق و سوریا (داعش) لە ساڵی (2014) دا و، دەستوەردانی چڕو پڕی ئێران لە عێراق، سوریا، لوبنان، ووڵاتانی کەنداو، یەمەن. دروستبونی مەترسی بۆ سەر ئیسرائیل و سعودییەی هاوپەیمانی ویلایەتە یەکگرتوەکان، وای کرد ململانێکانی ئێران و سعودییە هەموو ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و باکوری ئەفریکا بگرێتەوە، ئیدارەی ترامپ یش بێلایەن نەوەستێت و، لە ستراتیژی نوێی

- (اراك) سەنتەری ئەو شوێنەیە کە یۆرانیۆمی تیائەپیترێت.

13- BBC News (2014) Iran nuclear crisis: Can talks succeed? See here: http://www.bbc.com/news/world-middle-east-11709428

ئاسایشی نیشتیمانی ئەمریکادا بە زەقی ئێران وەك مەترسییەکی گەورە بۆ سەر ئاسایشی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و، پاڵپشتی کردنی توندڕەوی بناسرێت.ئێران هەر بەمەوە نەوەستا، لە کۆتایی (2016) ەدا دەستی گرت بەسەر گەرووی هورمزدا لە باشوری وولاتەکەی (کە تەنگەبەرێکی ستراتیژی جیهانییەو نزیکەی (40%) کاڵاو شمەك و کەشتی بارهەڵگر بەو ناوچانەدا تێ پەڕ ئەبن، ئەمەش ئاماژەیەکی ترسناکە بۆ جیۆپۆڵەتیکی ووزەو، کێبرکێ کردن لەگەڵ حەوزەکانی تری ووزەی جیهان، پاشان ئێران بە یاسا لەڕێگەی کوتلە شیعەکانی ناو عێراقەوە گروپی میلیشیایی کردە بەشێك لە سیستەمی بەرگری عێراق و، خۆی وەك براوەیەکی گەورە لەشەڕی سوریادا نیشان دا کە مانەوەی "بەششار ئەسەد" ی لەکۆتایی دا مسۆگەر کرد.

خۆپیشاندانەکانی ئێران لە یەکەم ڕۆژەکانی (2018) ەدا، (12) شاری گەورەی گرتەوە بە تارانی پایتەختەوە، بەڵام <u>پرسیاری سەرەکی بریتییە لە سۆراخی بەرنامە ئەتۆمییەکەی ئێران و قووڵایی ستراتیژیی ئەو وولاتە، لێرەدا (3) سێ سیناریۆی سەرەکی هەیە:</u>

یەکەم: ئێران سوود لە ڕێککەوتنی (5+1) ببینێت و ڕێککەوتنەکە بەردەوام بێت، بۆ ئەمەش ئەڵمانیاو بەریتانیاو فەڕەنسا ئەمەیان نەشاردۆتەوە. فیدریکا موگرینی نوێنەری یەکێتی ئەورووپا بۆ کاروباری دەرەوە داوای لە ترەمپ کردووە ڕێز لە ڕێککەوتنی ئەتۆمی ئێران و کۆمەڵەی (5+1) بگرێت[14].

دووەم: جەمسەرگیریی و بلۆکبەندی هەرێمایەتی، ئێران- ڕووسیا- سوریا- گروپە جۆراوجۆرەکانی ناوچەکە، بەرانبەر هەڵوێستەکانی ئەمریکاو، بانکی نێودەوڵەتی و بازاڕی ووزەی جیهانی بێ ئیرادە بکرێن. قەیرانی ئابوریی ئێران و ناڕەزایەتییە نێوخۆییەکانی یارمەتیدەری ئەم گریمانەیەن، هەروەها وەك لەسەرەوە پێگەی نوێی ئیسرائیل و هاوپەیمانێتی لەگەڵ سعودییە شی کراوەتەوە، لە خواریشەوە باسی ئایندەی سیستەم لە تورکیاو نزیکبونەوەی لەگەڵ ئێران و ڕووسیا ئەکەین.

سێیەم: ئێران لەناوەوە دابەش ببێت و، خەونەکانی دەرەوەی بونیادی ناوەوەی بکوژن، بۆ ئەمەش ئۆپۆزسیۆن لەناوەوە لە سەر پێیە، جیاوازی نێوان ڕیفۆرمخوازەکان و موحافیزکارەکان و، وەرچەرخانی گوتاری ناڕەزایەتی لە خواستە ئابورییەکانەوە بۆ باری سیاسیی، وەك ئەبینرێت دروشمی " مەرگ بۆ دیکتاتۆر" " مەرگ بۆ ڕووحانی" ئەمانە لەلایەك، لەلایەکی دی ئازەر لە ئێران، سووننە لە ئێران، کورد لە ئێران، بلوچ لە ئێران، وا دەرفەتەکە ئەبینن کە ئێران ئاوسە بە شۆڕشێك. بێگومان شۆڕش و

---

14. العربية CNN (2018) وزراء خارجية أوروبا يطالبون ترامب باحترام الاتفاق النووي الإيراني. https://arabic.cnn.com/middle-east/2018/01/11/iran-nuclear-deal-europe-us

گۆڕانکاری لە ئێران، بریتییە لە گۆڕانکاری گەورە لە سیستەمی هەرێمی و جیهانی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست.

وێستگەی چوارەم: دوای ئێران نۆبەی تورکیا دێت ؟

هەرچەندە ئەم دەستەواژەیە " دوای ئێران نۆبەی تورکیایە" ئەگەر تیۆرایزی بکەی بەشێکە لە (نەزەریەی موئامەرات Conspiracy Theory) بەڵام بابەتەکە پەیوەندی بە موئامەرەی هەرێمایەتیەوە نییە زیاتر، بە قەد ئەوەی لەناو نیۆ ڕیالیستەکانی ئەمریکادا ئاڕاستەیەک پەیدا بووە، جەخت لەوە ئەکەنەوە نابێت هیچ یەکەیەکی تر لەم گەردوونە لەسەروو ئەمریکاوە بێت، ئەبێت ئەم جیهانە حاکمێکی بەهێزی هەبێت، بۆ ئەوەی سیستەمی ئاسایشی جیهانی لەنگەری لەوە زیاتر نە شکێت، جا بۆ ئەوە ئەبێ هەموو لە خوار ئەو یەکە گەردونیەوە بن، بۆیە نیۆ ڕیالیستەکان جارێکی تر پرسی بەردەوام کێبڕکێ و ناکۆکی (Conflict &Competitive) جاڕ ئەدەن، ئەمریکا ئەبێ لە کێبڕکێدا بێت بۆ بەرز ڕاگرتنی بەهای دۆلار، بۆ سنوردانان لە بەردەم بریکس (BRICS) وەک کوتلەیەکی یەکگرتووی بانکی بەرانبەر بانکی جیهانی و سندوقی دراوی نێودەوڵەتی، ئەمریکا ئەبێ چارەو داخی دیاردە تازەکان بکات لە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان دا وەک: پیسبون -Pollution، تیرۆریزم، کەمبونەوەی ئاو، هەژاریی، بڵاوبونەوەی نایەکسانی جیهانی، کۆچ و کۆچبەران -Migration ، کۆکاین و هیرۆین و مامەڵەکردنی ناشەرعی بە مرۆڤ و.... بابەتی دیکە.

تورکیا لەسەردەمی فەرمانڕەوایی حزبی دادو گەشەپێدان (٢٠٠٢ بۆ ٢٠١٨) دەیان سەرکێشی کردووە کە دژ بوون بە بەهاکانی ئەمریکا (قسەیەک لەسەر ئەوە نییە بەهاکانی ئەمریکا پیرۆزن یان نا کۆلۆنیالیزم باشە یا خراپ). جووڵانەوە ڕێک بە پێچەوانەی خەونەکانی ئەمریکاوە، پریشکەو لێکەوتەکانی هەر چییەک بن بۆ تورکیا نییە، بەڵکو بۆ ئۆراسیاو بەلکان و سنوری مێدیتریانەو ڕۆژهەڵاتی ناوینە، یانی بۆ ئەوەیە کە، ئەو یەکە هەرێمیانەی ناوچەکە کە خاوەنی جۆرێک لە جێگیری ئابوریی و پیشەسازیین وردو خاش بکرێن و بێ کردار بکرێن لە لایەن ئەمریکاوە[15].

---

[15] For more information about this situation you can read this interesting book: THEODORE H. COHN (2012). Global Political Economy. Sixth Edition, Londaon. Semon Fraser University.

تەنها چوار مانگ بوو ئاکپارتی هاتبووە سەر کایەی فەرمانڕەوایی، لە ساڵی (٢٠٠٣) ڕێگەی نەدا هێزەکانی ئەمریکا خاکەکەی بەکاربهێنن بۆهێرشکردنە سەر ڕژێمەکەی سەددام حوسەین، زۆری نەبرد ئەردۆغان و عەبدوڵا گویل هەموو باڵوێز و نوێنەری وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستیان کردبوە هۆڵێکەوە (جگە لە نوێنەری ئیسرائیل) بۆچی؟. " بەڵکو یەکێتیەک دروست بکەین هاوشێوەی یەکێتی ئەورووپاو، هێزێکی سەربازیش بۆ موسڵمانان پێک بهێنین وەک ناتۆی ئیسلامی !". خەونی سەرکردایەتی کردنی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە ئەجێندەکانی ئاکپارتی بو، بەڵام هەر باڵێک یان بە شێوەیەک هێڵکارییەکەیان بۆ کردبوو، بەهاری عەرەبی بزمارێکی گەورەی لە خەونی گەوەبونی تورکیا داو، سیاسەتی سفرکردنەوەی کێشەکان (Zeero Problem) بوو بە فوول پرۆبلیم. ئینجا لە (٢٠٠٩وە بۆ ٢٠١٠) هەموو هەفتەیە ئەردۆگان مشتومڕی بووە لەگەڵ ئیسرائیل دا، ڕۆژێ لە داڤۆس کۆنگرەی بەسەر سەرۆکوەزیرانی ئیسرائیل دا جێ ئەهێشت، ڕۆژی دەستەواژەی دەوڵەتی تیرۆریست ی دژ بەکار ئەهێنان، ڕۆژێ لە ئەنکەرە پێشوازی لە خالید مەشعەل ئەکرد، ڕۆژێ سووربونی لە هەناردەکردنی هاوکاری بۆ غەززە دووپات ئەکردەوە، ڕۆژێ ئەیوت تاپۆی خاکی ئیسرائیل لە ئەرشیفی دەوڵەتی عوسمانیدایە....!

ئەوسا لەگەڵ ئەورووپا، هاوار ئەکا " خۆ ئێمە پۆلیسی ئێوە نیین". یانی سنورەکان بۆ تیرۆر واڵا ئەکەین بگاتە لاتان و بە ئارامی نانون. ئینجا ئەردۆگان و داڤود ئۆغلۆش ئەچوون ئێران و بەرازیل بگەیەنن بە یەک بۆ ئەوەی هەردوکیان چەکی ئەتۆم بەرهەم دێنن تاوەکو یەکێتیەک دروست بکەن و یەکگرتوو تر بن!. ئەردۆگان لەساڵی (2017) مدا چەندین جار هێرشی کردۆتە سەر ئەمریکاو، دواجار بە باڵوێزی ئەمریکاووت " ئەگەر تورکیات بەدڵ نییە، ئەتوانی بڕۆیتەوە"[16]. کۆتا جار لە سەردەمی خۆپیشاندان و ناڕەزایەتییە ناوخۆییەکانی ئێران دا، ئەردۆگان ئەڵێت " ڕێگە نادەین هیچ هێزێکی دەرەکی وەکو ئیسرائیل و ویلایەتە یەکگرتووەکان دەستوەربداتە کاروباری ئێران و پاکستان".

لەگەڵ ئەمانەشدا، بە بەراورد بە ئێران و زۆربەی ووڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، ئابوریی تورکیا ڕوو جێگیرەو ڕوو لەگەشە کردنە، ئەردۆگان ووتەنی "ئێمە پارەمان داوە بە سندوقی دراوی نێودەوڵەتی ئەوان پارەیان بە ئێمە نەداوە"[17]. وەزیری دارستان و سەرچاوە ئاوییەکانی تورکیا "فەیسەل اورغلو" لە لوتکەی شاری ئەفیون کارا حەصار ووتی لە ساڵی (2017) دا هەناردەکردنی تورکیا لەنێوان

[16] Washington post (2017) Turkey condemns U.S. over ‘aggressive’ acts against Erdogan’s guards during D.C. visit

(154 بۆ 155) ملیار دۆلاردابووه، ئەمانەوێ ڕێژەی هەناردەکردن لەساڵی (2023) دا بگەیەنین بە (500) ملیار دۆلار، ئەمە جگە لەوەی هاتونەتە ڕێژەی ئەوانەی هاتونەتە ناو تورکیاو گەشتیان کردووە لە ساڵی (2017) مدا (63.1) شەست و سێ ملیۆن و سەت هەزار کەس بووە، لەکاتێکدا لە ساڵی (2016) مدا (58.3) پەنجاو هەشت ملیۆن و سێسەت هەزار کەس بووە. ئەمەش یانی ئەو ڕێژەیە زیادی کردووە بە بڕی (%8.3) . لەسەرەتای (2018) مدا، نرخی لیرەی تورکی بەرانبەر دۆلاری ئەمریکی بەرز ئەبێتەوە، گەیشتوە بە (370) لیرە بەرانبەر بە (100) سەت دۆلاری ئەمریکی.[18].. ئەم ئاماژانەش یانی تورکیا گەڕاوەتەوە بۆ دەمارە ستراتیجیەکانی خۆی و ئیتر ئەوەندە خۆی بە مەسەلەی غەززە و مەعمەعەی ئیسرائیل و تەلەفۆن بۆ ترامپ و وەرگرتن و نەگرتنی لە ئەوروپاوە سەرقاڵ ناکات.

هاوپەیمانێتیەک لە نێوان تورکیاو ئێراندا دروست بووە (وەك دوو گەورەترین یەکەی هەرێمی ئەمەش بەرانبەر (سعودیە و ئیسرائیل و ئیمارات). ئەوانەی لەگەڵ تورکیا و ئێرانن، عێراق و سوریا و هەندێ دەست و پەنجە (گروپی چەکداری وەك حزبوڵڵا و حەشدی شەعبی).

ئیدارەی ئەمریکا ئەیەوێ ناوچەکە رێك بخاتەوە؟.

بە گۆڕەی سیستەمی جیهانی و هەرێمایەتی نوێ (New Global and Regional order) ئەمریکا ئەیەوێ بەر بەهەژمونی ئابوریی چین و ڕووسیاو هند بگرێت، لەڕووی هەرێمایەتیشەوە ئۆردەر (سیستەم) ێکی وای هەرێمایەتی پێك بهێنێت کە یارمەتیدەری بێت لە داخ کردنی ئەو دیاردە تازانەی هاتونەتە ناوبابەتی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکانەوە.

ئیسرائیل (متمانەی بە تورکیایەك نەماوە لە سەردەمی ئاکپارتیدا). لەگەڵ قوبرص و ئیتاڵیا و یۆنانیش هاوپەیمانی هەیە بۆ دەرهێنانی غازی سروشتی، ئەوەش ئەوەندەی تر مەحاڵی کردووە ئیسرائیل مامەڵە لەگەڵ تورکیا بکات. ئیدارەی ئەمریکا ئەیەوێت هاوپەیمانێتی و هاوڕێیەتی بۆ ئیسرائیل لە ناوچەکە دروستبکات، بۆ ئەو مەبەستەش بڕیاری گواستنەوەی نوێنەرایەتی خۆیدا لە تەلئەبیبەوە بۆ قودس، تا تێستی سعودیە و ئیمارات و میسر بکات، ئایا ئەتوانن لەگەڵ ئیسرائیل پێکەوە هەڵبکەن و هەندێ مەسەلەی گرنگ لە ناوچەکە داخ بکەن، وەك هەژموونی ئێرانی. وەك پرسی هێڵەکانی ووزە. ئەگەر ئەمە سەری گرت، ئەوا تورکیا ئاوت ئەکرێت. ئەگەرنا ئەوسا ئەمریکا هەوڵی یەکخستنەوەی تورکیا و ئیسرائیل ئەدات.

---

[17] AhramOnline (2013) see here: http://english.ahram.org.eg/NewsPrint/64422.aspx

[18] صحيفة ديلي صباح (2017) وزير تركي: هدفنا رفع الصادرات إلى 500 مليار دولار بحلول 2023
www.dailysabah.com/arabic/economy/2017/12/09/...

وێستگەی پێنجەم: عێراقی دوای داعش: کەرتی ووزەو وەرچەرخانی سیاسیی

سەدەیەك تێ ئەپەڕێت بەسەر تەمەنی فۆرمەڵەبونی دەوڵەت لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دا، هێشتا ئەم ناوچەیە ئاسایش و سەقامگیریی تیادا نییە، عێراقیش لەو پێگانەیە کە تەمەنێکی پڕململانێی لە مێژووی هاوچەرخ دا هەیە، ناوەڕۆکەکەی بریتی یە لە دەستوەردانی دەرەکی و بەرژەوەندی ئابوریی و چەوسانەوەی تایەفی، لەدوای جەنگی جیهانی یەکەمەوە تا ئەگاتە شەڕی داعش لە (2014-2017) نزیکەی (7) جەنگی گەورە رلە عێراق ڕوویداوە هەر هەمووی ڕاستەوخۆ پەیوەست بووە بە کەرتی نەوت و غازی سروشتییەوە. سێکتەری ووزەو خراپی بەڕێوەبردنی و، نەبونی شەفافیەت و، سیستەمێکی نیشتیمانی کە تیایدا خزمەت بە کەرتە مرۆیی و خزمەتگوزارییەکان بکات، هۆکاری سەرەکی کارەساتە یەکلەدوای یەکەکانی عێراق بووە، یان دەستەڵاتێکی دیکتاتۆری بەرهەمهێناوە کە کاری لەسەر ململانێی تایەفی و نەتەوەیی کردووە، یاخود هەرەسی سیستەمەکە بۆشایی سیاسیی دروست کردووەو گرووپی توندڕەو جۆراوجۆر دەرکەوتوون. ئایا لە عێراق وەرچەرخان ڕووئەدات؟. لە کاتێکدا دەرئەنجامەکانی شکستی وەرچەرخانی سیاسیی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، باشترین نمونەی بریتی یە لە لیبیاو یەمەن و سوریا لە دوای بەهاری عەرەبی.!.

"بە شێوەیەگی گشتی پرسی عێراق پرسی نەوتە، چۆن لایەنە عێراقییەکان لەساڵی (2018) ەدا بگەنە ئاستێکی گونجاو بۆ بەڕێوەبردنی سیستەمی حوکمڕانی و، چارەسەرکردنی پرسی گەندەڵی؟."

1-5. کەرکوك خاڵی بەریەککەوتنی زیاتر یان ڕێککەوتن؟.

لەسەر زاری سەرۆك کۆماری تورکیا "ڕەجەب تەیب ئەردۆگان" کەرکوك شارێکی تورکمانییە، پێش دروستبونی دەوڵەتی عێراق کەرکوك هەتا خانەقین سەر بە ویلایەتی موسڵ بوون، کە یەکێکە لە پێگە ستراتیژییەکانی ئەوسای دەوڵەتی عوسمانی و ئێستای تورکیا. بۆ تورکیا کەرکوك بریتی یە لە بەرژەوەندییەکی ئابوریی و بڵاوکردنەوەی ناسنامەی خۆی لەشارەکە، بەپێچەوانەوە بۆ ئێران کەرکوك و هەرێمی کوردستان بەگشتی بەرژەوەندییەکی ئەوتۆی ئابوریی نییە، بەڵکو ئەمنی یە.

ئێران، کەرکوك وەك کەمەربەندی ڕایەڵەی پەیوەندییەکانی خۆی بە ناوچەکانی تری عێراق و سوریاوە ئەبینێت، بەلای کوردەوە کە لە (2003 ەوە تا 16ی ئۆکتۆبەری 2017) فەرمانڕەوایەتی شارەکەیان کردووە، کەرکوك شارێکە سازشی لەسەر ناکرێت، بەڵام دەرکەوت کورد تەنها لە ئاستی گوتاردا ئەمەی

هەڵگرتووە نەك پراكتیك. كوتلە شیعییەكانی عێراقیش هەر كامێكیان زیاتر پەلاماری كەركوكی دابێت و، عێراقی بونی كەركوكی بە گوتار دركاندبێت، تەنها بۆ كۆكردنەوەی نفووس و جەماوەر و موزایەدەیەكی ناوخۆیی بووە. ئەمریكیەكان لەسەرەتای ئازادكردنی عێراق و پێكهێنانی ئیدارەی شارەكە، كەركوك یان "بە بەرمیلە باروت" پێیناسەكردووە، كەواتە دەردی كەركوك دەردێكی هەمەلایەنەیەو، ناكۆكییەكان لەسەر ئەم شارە هەركاتێك مایەی سەرهەڵدانەوەیە.

كورد لەگەڵ حكومەتی مەركەزی بەغدا لە دوای سایكس پیكۆ (1916) ەوە تا ئەگاتە ڕووخانی بەعس لەعێراقی (2003) ململانییەكی ئیتنی و تایەفی لەگەڵ عەرەبی عێراق هەبووە، بەڵام لەدوای (2003) ەوە تا ئەگاتە (16ی ئۆكتۆبەری 2017) ململانێی لایەنە كوردییەكان لەگەڵ حكومەتی مەركەزیی گۆڕدرا بۆ ململانێ لەسەر بودجەو پشكی نەوت و بەشداری لە سێكتەرە داراییەكان دا، ئەمەش خاڵێكی پۆزەتیڤ و گرنگە كە ئەم توێژینەوەیە مەبەستیەتی پێشكەشی بكات .

2-5. ئایا نەوت هەرێمی كوردستان و بەغدا یەك ئەخاتەوە؟.

پرسی ئاسایشی ووزە و، جیۆپۆڵەتیكی ووزە، كە پەیوەست بوو بە دوو لایەنی ناوخۆیی، یاخود دەرەكییەوە، دوو سەرئەنجامی هەیە، یان ئەوەیە ئەگاتە ناكۆكی و جەنگ، یاخود ئەگاتە هاریكاری و پێكەوە كاركردن. حاڵەتی سێیەمی نییە. نەوت تەنها كاڵایەكی ئابورییەو پێویستە ببێتە پاڵنەرێك بۆ گەشەسەندنی كەرتەكانی دیكەی حوكمڕانی، ئەوەش بە سیستەمێكی مۆدێرن و نەرم بەرجەستە ئەبێت، هەركاتێك نەوت تێكەڵ بە ئایدۆلۆژیای نەتەوەیی یان تایەفی كرا لە هەر شوێنێك، كارەساتی مرۆیی و جەنگ بەدوای خۆیدا ئەهێنێت.

بەهاری عەرەبی شكستی فۆرمی دەوڵەت بوو بۆ حوكمڕانی لەو ووڵاتانەی خاوەنی نەوت و غازی سروشتین، شكستی سیستەمی سیاسیی و پەراوێزخستنی ئەوانی تر، گەندەڵی لەسیستەمی فەرمانڕەواییدا، بۆشایی سیاسیی دروست كرد، لەزانستی سیاسییدا بۆشایی سیاسی حاڵەتێكی ترسناكە، چونكە ڤایرۆسەكان گەشەئەكەن، بیری توندڕەوی و نایەكسانی ئابوریی و كۆمەڵایەتی سەرئەنجامەكەیەتی، بەپێی ئەو پێوەرەی كە فەرهەنگە نێودەوڵەتییەكان لەسەر ڕێككەوتون، توندوتیژی ئەگەر بوو بە بابەتێكی سیاسیی و ئاڕاستەكرا، پێكەوە پێناسەی "تیرۆر- Terror" تەواو ئەكەن و، تیرۆر سەردەرئەهێنێت. ئەم خوێنبەربونە لێرەدا ناوەستێت دەستوەردانی هەرێمی و نێودەوڵەتی بەدوای خۆیدا ئەهێنێت و، هەر یەكەیەكی هەرێمی بەدوای بەرژەوەندییەكانی خۆیدا ئەگەرێت.

لە (حوزەیرانی 2014) داعش دەستی گرت بە سەر نیوەی عێراق دا، كێڵگەو پاڵیوگە نەوتییەكانیش لەمە بەدەر نەبوون، حکومەتی عێراق توانا سەربازیی و لۆجستییەکانی تەواو لاواز بون، هێزەكانی پارتی دیموكراتی كوردستان وەك دیفاكتۆ دەستیان گرت بە سەر هەردوو كێڵگەی (ئاڤاناو بای حەسەن) لە كەركوك و كێڵگەی (سوفەییە) لە نزیك ڕەبیعەی سەر بەپارێزگای مووسڵ. لە (14 ی ئابی 2014) ەوە هەتاوەكو (16ی ئۆكتۆبەری 2017) لە ڕێگەی كۆمپانیای "كارگروپ Kar Group" -ەوە هەموو ڕۆژێك (300000) سێ سەت هەزار بەرمیل نەوتیان لە كێڵگەی (ئاڤاناو بای حەسەن) دەرهێناوەو (40000) چل هەزار بەرمیل یش لە هەر ڕۆژێكدا لە كێڵگەی (سوفەییە)، داهاتی ئەم نەوتەش نە دراوە بە حکومەتی مەرکەزی نە چووە بۆ حکومەتی هەرێم نە دراوە بە ئیدارەی شاری كەركوك و خزمەتی دانیشتوانەكەی[19].

سەركردایەتی سیاسیی كورد دروشمی (سەربەخۆیی كوردستان) و (ڕیفراندۆم بۆ سەربەخۆیی) یان بەرزكردەوە، بە بیانووی ئەوەی كورد هێزێكی كاریگەربووە لە شەڕی داعش و، جەنگی لەبری كۆمەڵگەی نێودەوڵەتی دژی تیرۆریستان كردووە، پێگەو هەڵوێستی كورد لەو پەڕی بەهێزیدایە، لەكەركوكەوە لەگەڵ هاوپەیمانی نێودەوڵەتی بیر لە ڕێگە چارەو چارەنووسی پارێزگای موسڵ ئەكەنەوە، لە پڕ لەدوای گرتنەوەی مووسڵ و، گەرمبونی بانگەشەی ڕیفراندۆمی سەربەخۆیی و جیابونەوە لەعێراق، هەموو كۆمەڵگەی نێودەوڵەتی پاڵپشتی خۆیان بۆ حکومەتی عێراق و سەرۆكوەزیران "حەیدەر عەبادی" دەربڕی، ئەنجومەنی ئاسایش و هاوپەیمانی نێودەوڵەتی بۆ شەڕی دژە تیرۆر، ئێران و توركیا و دەوڵەتانی دراوسێ دژی ڕیفراندۆمەكەی كوردستان وەستانەوە.

دوای ئەنجامدانی ڕیفراندۆم، حکومەتی عێراق هەموو گەشتە ئاسمانییە نێودەوڵەتییەكانی كوردستانی وەستاند، هێزەكانی "حەشدی شەعبی و سوپای عێراق" بەپاڵپشتی ئێران و، ڕێككەوتن لەگەڵ چەند گروپێكی دەستەڵاتدار لەناوچەی سولەیمانی و كەركوك دەستیان گرت بەسەر پارێزگای كەركوك داو، زیاتر لە (5600) ماڵی كورد ئاوارە بوون.

---

[19] دۆكیومێنتەكانی یەكەمین كۆنفرانسی ئینستیوتی مێدیتریانە بۆ توێژینەوەی هەرێمایەتی، لە كۆنفرانسی یەكەمی هێڵەكانی ووزە لە شاری سولەیمانی- عێراق، 11ی ئۆكتۆبەری 2017. بڕواننە ئێرە: www.mirs.co

3-5 ڕێککەوتن یان بەریەککەوتن؟.

حکومەتی عێراق، لەڕێگەی پۆلیسی فیدراڵەوە ئاسایشی شاری کەرکوك ئەپارێزێت، بەڵام نیەتی بۆ بەڕێوەبردنی کەرتی نەوت لەشارەکە چییە؟. لەکاتێدا ڕۆژانە لەشاری کەرکوکەوە لەساڵی (2008) ەوە تا (2017) بڕی (300000) بۆ (500000) هەزار بەرمیلی لە ڕۆژێکدا بە ڕێگەی بۆڕی کەرکوك – جەیهانی تورکی دا هەناردەکردووە، لەدوای هاتنی داعش هێڵەکانی بۆڕی تێکچوون و، پێویستییان بە نۆژەنکردنەوەیە، دواجار ئەم هێڵە بەناو خاکی هەرێمی کوردستان دا تێپەڕ ئەبێت، بۆیە حکومەتی عێراق بیری لە (3) ڕێگە کردۆتەوە:

یەکەم: بە یارمەتی ئێران هێڵێکی بۆڕی نەوت لە کەرکوکەوە بۆ گواستنەوەی نەوتی ناوچەی کەرکوك و نەوتی کێڵگەی نەفتخانەی سنوری پارێزگای دیالە بگوێزێتەوە بۆ ئێران، بەمەش ئێران گورزێك لە کوتلەکانی حەوزەی ووزەی دەریای ناوەڕاست ئەدات، لەگەڵ ئەوەی ئێران خۆی وولاتێکی دەوڵەمەندە بە نەوت، بەڵام پێداویستیەکانی پاڵێوگەی کرماشان و ناوچە کوردییەکانی وولاتەکەی پێ ئەدات، هەمان بڕ کە هاوردەی ئەکات، لە خوارەوە لە شاری (بەسرە) وە خۆی هەناردەی ئەکاتەوە بۆ عێراق.

دووەم: حکومەتی عێراق لەگەڵ حکومەتی هەرێم ڕێك بکەویت، بە ئاگاداری ئەمریکا. سەرۆکوەزیرانی عێراق "حەیدەر عەبادی" وەزیری نەوت "عەبدولکەریم لوعەیبی" ڕاسپارد لەگەڵ حکومەتی هەرێم ڕێك بکەوێت، پەرلەمانی عێراق بڕیاریدا " کارگرووپ" لەکەرکوك دەربکات، بەڵام وەزارەتی نەوت ئەو بڕیارەی ڕەتکردەوە، چونکە بڕیارەکە جگە لەوەی ئەبێتە هۆی زیان گەیاندن بە (700) کارمەندو کرێکاری کورد، زیان بە ئاڕاستەی نزیکبونەوەی گفتوگۆکان ئەگەیەنێت، دواجار سیستەمی بەرهەمهێنان (Production System)لەو دوو کێڵگەیە کار گرووپ دایناوە، ئەگەر حکومەتی هەرێم و ناوەند ڕێك بکەونەوە، هەر ئەبێت کۆمپانیای ناوبراو بگەڕێننەوە[20].

سێهەم: حکومەتی عێراق بۆ ئەوەی ئەو نەوتەی لەکەرکوك هەیە لە کێڵگەکانی (باباگوڕگوڕ، بای حەسەن، ئاڤانا، خەبباز، جەمبور) لە ڕێگەی خاکی هەرێمی کوردستانەوە نەڕواتە دەرەوە، سەرقاڵی ئەوەیە لەناوخۆدا ئەوەی بەرهەم دێت بەکاربهێنێت، بۆ نمونە لەسەرەتای (2018) ەوە ڕێژەی هەناردەکردنی نەوتی کەرکوك یان بۆ پاڵێوگە ناوخۆییەکان زیادکردووە، پاڵێوگەی کەڵەك (40000) هەزار بەرمیل بو کراوە بە (50000) هەزار، پلان هەیە بیکەن بە (100000) هەزار بۆ ئەوەی پێداویستیەکانی موسڵ ی پێ پڕ بکەنەوە، پاڵێوگەی کەرکوك (30000) هەزار بەرمیل بو کراوە بە (70000) هەزار، پاڵێوگەی

بازیان (20000) بەرمیل بو پێشوتر کراوە بە (28000) هەزار بەرمیل/ ڕۆژانە[21]. هەموو ئەمەش ئامانج لێی ئەوەیە، ئەوەی لەکەرکوك بەرهەم دێ نەڕواتە دەرەوە لەناوخۆدا سەرفی بکەن.

لە کۆتاییدا، پیشەسازی نەوت و غاز لە عێراق پێویستی بە گۆڕانکاریی ڕیشەیی هەیە، بەڕێوەبردنی سێکتەری ووزە لێکەوتەکەی تەنها لە مەسەلە داراییەکان دا نییە، کە گەندەڵی ئاکامە خراپەکەیەتی، بەڵکو بۆشایی سیاسیی و ململانێی تایەفیش زیندوو ئەکاتەوە. بەپێچەوانەوە ئەم ناوچەیە تووشی شەڕ و ئافاتێکی ترسناکتر لەوانی پێشوو ئەکاتەوە، مەترسی بۆ سەر ئاسایشی وولاتانی ئەورووپاش دروست ئەکات، بۆیە سێ تەحەددا (ئاڵنگاری) قورس لە بەردەم عێراق دایە لە دوای شەڕی داعش:

یەکەم: ویلایەتە یەکگرتوەکان، ئەڵمانیا، فەڕەنسا، هەوڵ بدەن لایەنە عێراقییەکان بگەنە ڕێککەوتن. سەرەتا بۆ پاراستنی ئاسایشی ناوچە دابڕاوەکان بە هەماهەنگی، دواتر ئەمە هەنگاوێك بێت بۆ بەڕێوەبردنی کەرتەکانی بەرهەمهێنانی ووزە.

دووەم: لەبەرئەوەی کوتلە شیعییەکان لە عێراق نمونەیەکی لە (حوکمڕانی باش Good Governance) پێشکەش نەکردووە لە (16) شانزە ساڵی دوای ڕووخانی بەعس دا، بەشێکی گەورە بوون لە گەندەڵی، کەواتە چارەسەرکردنی گەندەڵی ئەبێتە تاقیکردنەوەیەکی یەکلاکەرەوە بۆ فەرمانڕەوایەتی شیعە لە عێراق، عەدنان جەنابی، سەرۆکی پێشووی لیژنەی نەوت و ووزە لە پەرلەمانی عێراق، ئاماژە بەوە ئەکات، حکومەتی عێراق لەماوەی ساڵانی (2006 بۆ 2017) بەهۆی خراپی بەڕێوەبردنی سێکتەرەکانی نەوت و گاز و بەرهەمهێنانی کارەبا زیانی (1) یەك تریلیۆن دۆلار بەر ئابوری عێراق کەوتووە. بۆیە هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراق لەساڵی (2018) بابەتێکی یەکلاکەرەوە ئەبێت بۆ کوتلە عێراقییەکان، جگە لەوەی عێراق قەرزێکی زۆری لەسەرە، بەگوێرەی لیژنەی دارایی پەرلەمان بڕەکەی (123) ملیار دۆلاری ئەمریکیەو، ئەوەش متمانەی بانکی نێودەوڵەتی بە عێراق لاواز ئەکات کە لەوە زیاتر قەرزی بداتێ، ئەندامبونی عێراق لە ڕێکخراوی شەفافیەتی نێودەوڵەتی هەڵپەسێردراوە، لەبەرئەوەی یەکێکە لە (10) دە وولاتە گەندەڵەکەی جیهان و، پابەند نابێت بە مەرج و خاڵەکانی ڕێکخراوەکەوە، وەکو سەرۆکوەزیرانی عێراق "حەیدەر عەبادی" گوزارشتی لێکردووە " بەگژاچونەوەی گەندەڵی مەترسیدارترە لە جەنگی تیرۆر"[22].

---

[20] Iraq Oil Report. www.iraqoilreport.com

[21] نوسراوی فەرمی: کۆمپانیای نەوتی باکور - کەرکوك- ژمارە (...). بەروار 2018/1/10

[22] الحرة (٢٠١٧) : 'أخطر من الإرهاب'.. معركة الفساد في العراق https://www.alhurra.com/a/Iraq-corruption-economy/404684.html

سێهەم: پاڵێوگەو کێڵگە نەوتییەکانی عێراق لە قۆناغی دوای داعش پێویستی یان بە نۆژەنکردنەوەو ڕێکخستنەوەیە، هێڵی کەرکوك- بێجی کە پێش شەڕی داعش ڕۆژانە (250000 بۆ 300000) هەزار بەرمیل نەوتی پیادا ئەڕۆیشت بۆ پاڵێوگەی بێجی، بەهەمان هێڵ گاز یان ئەناردەوە بۆ کەرکوك، ئەم پاڵێوگەیە یەکێك بووە لە پاڵێوگە گەورەکانی عێراق پەکی کەوتووە. لە بەرانبەردا کارەکانی پاڵێوگەی (شوعەیبە) لە بەسرە ئەکتیڤتر کراوە، بۆ پاراستنی هاوسەنگی کار لەناوچەکانی عێراق پێویستە ئاسایشی کێڵگەکان بپارێزرێن*.

- دۆکیومێنتەکانی یەکەمین کۆنفرانسی ئینستیوتی مێدیتریانە بۆ توێژینەوەی هەرێمایەتی، لە کۆنفرانسی یەکەمی هێڵەکانی ووزە لە شاری سولەیمانی- عێراق، 11ی ئۆکتۆبەری 2017. بڕواننە ئێرە: www.mirs.co

سەرئەنجام:

ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ئاگرێك تیایدا ئەگەڕێ، هەر یەکەیەکی هەرێمی و ئەوانەشی لەخواری ئەوەوەن، دەرفەت و مەترسی گەورەی دێتە پێش، ئەوەش دەرئەنجامی یەکتربڕین یاخود بەریەککەوتنی سیستەمی جیهانی نوێ و سیستەمی هەرێمایەتی نوێ لەم ناوچەیە (The intersection of new global and regional order in the Middle East).

ئەم سیستەمە نوییەش، دوای سەت ساڵ دێت لە نا ئارامی و نا سەقامگیریی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، کە تیایدا ئێران هەوڵیداوە بە هەیمەنەی جۆراوجۆری خۆی ناوچەکە دابپۆشێت و، مەترسیی بۆ سەر سوونەکانی ڕۆژهەڵات دروست بکات، ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا لێرەدا هیچ ئۆفەرێك بە خۆڕایی نادات بەوانەی پێویستی یان پێیەتی، تەنانەت ئیسرائیل. لەهەمان کاتدا بە لای وڵاتانی خۆرئاواوە گرنگە خێرا پرسی ململانێی تایەفی و ئایدۆلۆژیای نەتەوەیی و ئاینی لەم ناوچەیە کۆتایی بێت و، تێ بپەڕێنرێت. بۆ ئەوەش ئەگەر پێیان نەکرێت چوارچێوەی یاریگاکە بگۆڕن، کار لەسەر گۆڕینی یاریزانەکان ئەکەن .

سیستەمی نوێی جیهانی بریتین لە سۆپەر پاوەر: ئەمریکا- چین- ڕووسیا، ڕۆڵی کاریگەری تیا ئەبینن و، ئەم جیهانە وێنائەکەنەوە، لەسەردەمی دوای پیشەسازی و تەکنەلۆژیای پێشکەوتوودا، هیچ سیستەمێکی هەرێمی وەکو ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، یەکێتی ئەفریکا، یەکێتی ئەورووپا، ڕێککەوتنی بازرگانی ئازاد لە نێوان وڵاتانی باکوری ئەمریکا...(NAFTA) ئەمانە ناتوانن خۆیان لەدەرەوەی سیستەمی جیهانی ببینن و، مەسەلەی ناسنامە و بابەتە ناسیۆنالییەکان پێش واقیعی جیهانی بخەن .

بۆیە ئەم توێژینەوەیە لایوایە، تەواوی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە لایەن " سعودیە- ئیسرائیل" بە پاڵپشتی ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا وێنا ئەکرێنەوە، لەهەر کوێدا پێویست بکات دابەشبونێکی جیۆستراتیجی لەسەرەتای سەدەی بیست و یەکدا ڕوودەدات. بەردە بچوکەکەی ژێر گابەردی ئەم قەد پاڵی چیایە جووڵاوە، غلەغل ئەم گابەردە گەورەیە خلۆربۆتەوە، بێگومان هەندێ شت ئەشکێت و، هەندێکی تریش ڕێك ئەبنەوە.

کـــــــۆتـــــــایــــــــی

بەهرۆز جەعفەر: خوێندکاری دکتۆرایە لە پەیوەندییە ئابورییە نێودەوڵەتییەکان، دامەزرێنەر و سەرۆکی ئینستیتیوتی مێدیتریانەیە بۆ توێژینەوەی هەرێمایەتی، ئەندامی فیدراسیۆنی ڕۆژنامەنووسانی نێودەوڵەتییە.

بیبلۆگرافیا:

- AhramOnline (2013) see here: http://english.ahram.org.eg/NewsPrint/64422.aspx
- BBC News (2014) Iran nuclear crisis: Can talks succeed? See here:http://www.bbc.com/news/world-middle-east-11709428
- Haaretz (2016). On 68th Independence Day, Israel's Population Hits 8.5 Million, May 12, 2016 1:51 AM, see here: http://www.haaretz.com/israel-news/.premium-1.718791
- Haaretz (2017), Amos H: Israeli Military Chief Gives Unprecedented Interview to Saudi Media: 'Ready to Share Intel on Iran, 1. December. :https://www.haaretz.com/israel-news/1.823163
- Inbar. E (2010): Israeli –Turkish Tensions and beyond, Israel Journal of Foreign Affairs IV: 1.
- Iraq Oil Report. www.iraqoilreport.com
- Kottasova, Ivana (2018) The economic forces driving the protests in Iran, the CNN money paper
- Micallef. V.Joseph (updated 2017) Reflections on the Mediterranean refugee crisis. Center of Mediterranean Refugee Crisis.
- MiddleEast monitor (2018) Swiss Newspaper reveals: Secret military cooperation between Saudi Arabia and Israel, 8. January.https://www.middleeastmonitor.com/20180108-swiss-newspaper-reveals-secret-military-cooperation-between-saudi-arabia-and-israel/
- Reuters and Algemeiner Staff (2018) Iran Threatens 'Serious Reaction' After US Ultimatum on Nuclear Deal, New Sanctions. You can viewed The algemeiner
- Ross, Dennis (2018) Iranians Are Mad as Hell About Their Foreign Policy, Washington Institute for Near East Policy.
- Tru news (2017) Pompeo: Saudis, Israelis Working Together. See here: https://www.trunews.com/article/pompeo-saudis-israelis-working-together
- THEODORE H. COHN (2012). Global Political Economy. Sixth Edition, Londaon. Semon Fraser University.

- Washington post (2017) Turkey condemns U.S. over 'aggressive' acts against Erdogan's guards during D.C. visit

- مركز رؤية للتنمية السياسية (٢٠١٦) : حقائق الغاز "الإسرائيلي واعتباراته الاقتصادية والسياسية، اعداد (عماد أبو عواد) 13/يوليو/2016 الساعة 11:50:23 صباحاً. انظر هنا:www.vision-pd.org/237
- مركز جزيرة للدراسات (٢٠١٨) إيران: حراك معارض محدود وأزمة نظام مزمنة، البحث و التقارير .
- الجزيرة (٢٠١٧) البرنامج النووي الإيراني. أنضر هنا: www.aljazeera.net/encyclopedia/issues/2015/6/18...
- العربية CNN (2018) وزراء خارجية أوروبا يطالبون ترامب باحترام الاتفاق النووي الإيراني. https://arabic.cnn.com/middle-east/2018/01/11/iran-nuclear-deal-europe-us
- صحيفة ديلي صباح (2017) وزير تركي: هدفنا رفع الصادرات إلى 500 مليار دولار بحلول 2023

www.dailysabah.com/arabic/economy/2017/12/09/...
- دۆکیومێنتەکانی یەکەمین کۆنفرانسی ئینستیوتی مێدیتریانە بۆ توێژینەوەی هەرێمایەتی، لە کۆنفرانسی یەکەمی هێڵەکانی ووزە لە شاری سولەیمانی- عێراق. بڕواننە ئێرە: www.mirs.co
- الحرة (٢٠١٧) : 'أخطر من الإرهاب'.. معركة الفساد في العراق https://www.alhurra.com/a/Iraq-corruption-economy/404684.html